نیشتمانپەروەران داوای یەکبوونی لایەنە هاوئامانجەکان دەکەن!

ئەگەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، رێکخراوی سیاسی شێوازێک بێ، ئەوا یەکبوونی لایەنە هاوئامانجەکانیش کاروانی تێکۆشان بەرە ئەو ئامانجە تەکوزو بەگورتر دەکات، ئەمەش لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی خەون بەو ئامانجەوە دەبینن، پێشوازی لێدەکرێ و باوەشی بۆ دەگیرێتەوە.

وێڕای ئەوەی کە پەلەکانی بزاڤی کوردایەتی دووچاری لەتبوون و دابڕان هاتوون و لێکترازاون، بەڵام لەدیرۆکی دوورو نزیکی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا ئەزموونی یەکبوون و یەکگرتنی رێکخراوە هاوئامانجەکان و هەنگاویان هەڵێنانەوەیان بۆ دروست کردنی هێزێکی گەورەتر هەیە. هەندێکیان سەرکەوتوو، هەندێکی دیکەشیان ناکام ماونەتەوە. هەڵبەت هەر یەکبوون و یەکگرتنێک ئەگەر بە مەبەستی بەگورترکردنی تێکۆشان و زووتر گەیشتن بە ئامانجەکان بێ، شوێن پەنجەی ئەرێنی دادەنێ و مێژووی نەتەوەکەمانیش دەوڵەمەند دەکات.

ئەمڕۆ لەنێوەندی سیاسی و دەزگاکانی راگەیاندنی باشووری کوردستاندا باس لە یەکبوونی هەردوو حزبی 'زەحمەتکێشان و سۆسیالیست دیموکراتی' کوردستان دەکرێ، بێگومان ئەم هەنگاوە بەرفراوانتر دەبێ و چەند لایەنی دیکەی هاوئامانجیش بەرەو ئەو یەکبوونە دەڕۆن، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە قامک لەسەر داخوازیەکە دابنێین و بە وردی و وریایەوە لە داهاتووی هەنگاوەکە بڕوانین، رەوشەکە دەخوازێ کە لایەڕەکانی مێژووی رابردوو هەڵبدەینەوە، بوێرانەش هاوکێشەکانی داهاتوو بخوێنینەوە.

لای هەمووان ئاشکرایە کە تێکۆشەرانی هەردوو حزبی 'سۆسیالیست دیموکرات و زەحمەتکێشانی' کوردستان ماوەی ١٠ ساڵ بەیەکەوە لەنێو حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا، هەڤاڵ و هاوخەباتی یەکتربوون، ئەمەش پرۆسەی یەکگرتن و یەکبوون بەرەو پێشەوە دەبات، لەوانەیە هیواو ئومیدیش لەسەر ئەم بناخەیە هەڵچنرابێ، بەڵام دیسانیشەوە پێویستە کە ئەزموونی یەکگرتنی نێوان لایەنە سیاسیەکانی پێشووتر لەبەرچاوبگیرێ و لەهەنگاوەکاندا پەلە نەکرێ، وەک دەڵێن: 'میوەی رەسیو بەتام و چێژترە'

ئەمڕۆ رەوشی سیاسی کوردستان تایبەتمەندی خۆیە هەیە، ئەگەر جاران بەهۆی وردە جیاوازی لەهەزرو ئایدیۆلۆژیاو رەفتارەوە رێکخراوەکان دووچاری لەتبوون و هاوێربوون دەبوون، ئەوا ئێستا دیواری ئەو جیاوازیانە نزمتر بونەتەوە، پانتایی سازان و یەکتر پەسندکردن بەرفراوانتر بۆتەوە، بەوهۆیەشەوە دەرفەتی یەکبوون و یەکگرتنی رێکخراوە هاوئامانجەکان لەبارو گونجاوتر دێتە بەرچاوان و شیمانەی سەرکەوتنیش بەهێزترە.

ئەگەر یەکگرتنی نێوان هەر سێ لایەنی 'پارتی گەل، حزبی سۆسیالیست و پاسۆک' و دامەزراندنی حزبی یەکگرتنی کوردستان بە نموونە بهێنینەوە، واپێویست دەکات کە بە هۆشیاری و لێزانیەوە هەنگاو بۆ یەکبوون و یەکگرتنی نێوان لایەنە سیاسیەکان بهاوێژرێ، چونکە ئەو یەکگرتنە نەک ناکام مایەو، بەڵکو لە جیاتی ئەوەی هەر سێ حزبەکە لە حزبێکدا کۆ بکرێتەوەو حزبێکی گەورەتر پێکبهێنرێ، کەچی سەرەنجام حزبێکی پڕ گرفتی بچووکتر پێکهات، رێکخستنەکانی هەرسێ حزبی پێشوو دروست بوونەوە و وەک چوار حزبی لێهات، ئاکام لەبەر کێشەو گرفتەکانی نێوەخۆ، بۆ دەربازبوون لە قەیران و تەنگژەکان، سەرکردایەتی حزبی یەکگرتن بیری لە یەکگرتنێکی گەورەتر کردەوە!! دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن، خۆبەخۆ سێ رێکخراو بە ئاشکرا دەستیان بە تێکۆشان کردەوە، ئەوەبوو حزبی رزگاریی کوردستان وەک درێژەپێدەری پارتی گەل، کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد وەک پاشماوەی پاسۆک، حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان وەک زیندووکردنەوەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان دامەزرانەوە. بۆیە ئیستا کە بۆ یەکبوونی حزبی زەحمەتکێشان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە هەنگاو هەڵدەگیرێتەوە، دەبێ پێوانەی ورد بکرێ و پشتی پرۆسەکە مسۆگەر بکرێ. پێویستە زەمینە سازی و ئامادەکاری تەواو بۆ یەکبوون بکرێ، گەرەکە بەر لە یەکبوون، متمانەو باوەڕ بەیەکتر کردن لەنێوان ئەندامانی ئەو لایەنانە دروست کرابێ و گیانی هەڤاڵێتی و هاوڕێیەتی چەسپا بێ.

راستیەکەی سەرکردەکانی ئەو لایەنانە بە باشی یەکتر دەناسن و متمانە بەیەکتركردن جێگەی گرتووە، ئەمەش ئاسانکاری بۆ هەنگاوەکانی یەکبوون دەکات، بەڵام لەوانەیە کادران و ئەندامانی لایەنەکان وەکو پێویست ئاشنایەتیان نەبێ و رایەڵەی متمانەشیان کزو لاوازبێ. لەوانەیە کادران و هەندێک لە سەرکردەکانیش ترسی لە دەستچوونی جێگەو شوێنی خۆیان لەگەڵدابێ، بۆ رەواندنەوەی ئەو ترسەو بۆ دروست کردنی متمانە لەنێوان کادرانی هەموو لایەنەکان، زۆر پێویستە کە هەنگاوی لەسەرخۆ بهاوێژرێ، لە سەرەتادا لایەنەکان لەنێو بەرەیەکدا کۆ بکرێنەوە. دەکرێ ئەو بەرەیە هاوکات روخسارو ئادگاری حزب و بەرەیشی هەبێ، بەوهۆیەوە ئاشنایەتی و هەڤاڵێتی پتەو لەنێوان کادرو ئەندامانی لایەنەکان دروست دەبێ. دوای ئاشنایەتی و گەشەکردنی گیانی هەڤاڵێتی، هەم تەمەی گومانەکان دەڕەوێتەوە، هەمیش دەروازەی متمانە و باوەڕکردن دەکرێتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی بەرەوپێشەوەبردن و گەشەپێدانی یەکبووندا تەواو دەبێ.

لەمێژووی نزیکی کوردستاندا، ئەزموونی ئەو جۆرە بەرانەمان هەیەو سەرکەوتووش بوونە، بۆیە بۆ سەرخستنی هەنگاوەکانی یەکبوون و پێکهێنانی حزبێکی ئەکتیڤ و کاراو خاوەن جەماوەر وا دەخوازێ کە پلە بە پلە هەنگاو بۆ یەکبوون بهاوێژرێ.

کاتێک باس لە پلە بەپلە، هەنگاو بەهەنگاو دەکرێ، مەبەست لە کارکردنێکی شێلگیرانەیە بۆ زەمینە خۆشکردن و دروستکردنی متمانەو دەرخستنی تواناکان و بەهێزکردن و بەرفراوانکردنی پێگەی ئەو حزبە تازەیە کە دەیەوێ گۆرانکاری ئەرێنی لە کۆمەڵگەی کوردستان و هاوکێشە سیاسیەکاندا بکات.

پێکهێنانی حزبێ نوێ نابێ تەنیا بۆ بەشداری پێکردنی ئەندام و کادرو سەرکردەی لایەنە هاوئامانجەکان سنووردار بکرێ، پێویستە هەوڵی کۆکردنەوەی کەسایەتی رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، جڤاکی و سیاسی هاوئامانجیش تەواو بووبێ، بەو شێوەیە پرۆسەکە گشتگیرتر دەبێ، حزبە تازەکەش پێگەیەکی قایم و بەهێزتر مسۆگەر دەکات.

گومانی تێدانیە کە لە دەرەوەی ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێ پرۆسەی یەکبوون و یەکگرتن بەرێوەببەن، ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی ناسراو، تێکۆشەری دێرین و دابڕاو، لاوانی خوێن گەرم و لێزان هەن و دڵیان بۆ هەمان ئامانج لێدەدا، ئامادەن بەشداری تێدا بکەن و بۆی تێبکۆشن، کەواتە سەرخستنی پرۆسەی یەکبوونی لایەن و کەسایەتیە هاوئامانجەکان پرۆسەیەکی بەرفراوان و هەمەلایەنەیە، تەنیا بۆ سۆسیالیستە دێرینەکان نیە، پێویستی بە کارو ماندووبوونێکی زۆرو زۆرتر هەیە، پێویستە لەهەموو ئەو شوێنانەی کە کوردستانیانی تێدا دەژین، هەوڵ و بدرێ و تێبکۆشرێ، نەخشەی کار دابڕێژرێ و پێوەندی بە کەسە ناسراوەکانەوە بکرێ، کەسانی لێزان و چالاک بدۆزرێنەوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی خاڵە ناکۆکەکان دانوستاندن و گفتوگۆی چڕو گشتگیری سیاسی بکرێن، دیالۆگی راستین و راشکاوانە درێژەیان پێبدرێ و هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین مرۆڤی نیشتمانپەروەری هاوئامانج بدرێ.

ئەگەر لە دەستپێکدا راشکاوو راستوێژانە هەنگاو بۆ پرۆسەی یەکبوون هەڵبگیرێتەوە. مەبەستیش یەکخستنی لایەنە هاورامان و هاوئامانجەکان و کۆکردنەوەی نیشتمانپەروەرانی هاوروانگە بێ. کۆسپەی گرفت و سەختیەکان خۆبەخۆ نزم دەبنەوە، هەم رێکخستنێکی بەهێزو کاریگەر دادەمەزرێ، هەمیش خەونی نیشتمانپەروەران وەدی دێ و کۆمەڵگەی کوردستانیش لە قەیرانی هەمدەم دەربازی دەبێ.

رێکار ئەحمەد
سکرتێری گشتی
حزبی رزگاریی کوردستان

rekarahmed@hotmail.com

www.rekar.org

مێژوو کوردستانیبوونی کەرکوک دەسەڵمێنێ

بەشی چوارەم و کۆتایی

دەسەڵاتی تورکیا سەرسەختترین و دواکەوتوترین دوژمنی گەلی کوردە ئەو نەک پێی ڕەوا نییە مافی کوردەکانی باکوور بدات بەڵکو چاوی لەبەشەکانی تریشەو هەرێمی کوردستانی باشووریش بۆتە دومەڵی سەر دڵی و نزیکەی هەردوو ساڵی (٢٠٠٧ و ٢٠٠٨) بەبەردەوامی بۆردومانی خەڵکی سڤێلی قەندیل و باشووری کوردستان کردووە . دوژمنانی کورد هەموو چاویان بڕیوەتە کوردستان و بەتایبەت کەرکوک بۆیە تورکیا خۆی بۆنەگیراو سەردانێکی نهێنی کەرکوکیان کرد.

ئەنتۆنی داماتۆ یاساناس و گەورە نووسەری ئەمریکی دەڵێت: 'کورد پێویستە بڕیاری سەربەخۆیی خۆی (independence) لەباشووری کوردستان و ناوچەیەکی نزیک لەموسڵ بدات، داواش لەئەمریکا بکات بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبکات، چونکە بەگەرانەوەی هێزی ئەمریکا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ئەگەر کورد لەم بارە ناهەموارەیدا بێت دووژمنانی دەیخۆن .

ئەو بووارانەی بۆ کوردو سەرکردەکانی کوردستان ڕەخساووەو سوودیان لێووەرنەگرتووە :

هەموو شۆڕشەکانی کوردستان لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە (١٩١٢ / ٢٠٠٣) خەبات و خوێن و ماڵوێرانی بووەو بەگران کەوتووە لەسەرشانی ئازادیخوازانی کوردو چەندەها ساڵ دەربەدەری و کۆڵ بەکۆڵ و ماڵ سووتان و بێ پشوویی و هتد . لەکۆتایشدا بەکۆبوونەوە نهێنییەکان گەڕاونەتەوە بۆ خاڵی دەست پێکردن و (خاڵی سفر) کۆتایی بەهەموو ڕەنج و خەباتی ئەم گەلە ستەم دیدەیە هاتووە، بەبێ هیچ بەرهەمێکی باش کەشایستەو لەئاستی ئەو هەموو قوربانییانەبێت کە میللتی کورد داویتی. بەم چوار (٤) خاڵی خوارەوە باسی بووارەکان دەکەین.

وشەی کوردستان

وشەی کوردستان لەدوو ووشەی لێکدراوەوە هاتووە (کورد - ستان)، کورد وشەیەکی کوردی و (kurd) جیهانییە و (International) لە ناوی میللەتی کوردەوە هاتووەو ناوە (الاسم) (Name)، وشەی ستان زۆربەی زۆری زاناکانی زمانەوانی دەڵێن وشەیەکی ئێرانییەو واتاکەی بەشارو نیشتەجێبوون و وڵات دێت بەڵام ڕاووبۆچوونی من جیاوازە لەسەر ئەو بابەتە چونکە بە ئێرانی یان بەفارسی دەڵێن ئوستان نەک ستان . ووشەی ستان (stan) پێم وایە جیهانی یەو نزیکە لە ناوی سیتی (city) ئینگلیزی و (stan) ی ئەوروپی و بەتایبەت زمانی سویدی کەبەشارو جێنشینی ئادەمیزاد دەڵێن ستان . یەکەم کەس کە وشەی (کوردستان)ی بەکارهێناوە (سوڵتان سانجار)ی پادشای کوردان بووە لەسەردەمی سەدەی دووانزە (١٢) دا . بەشێوەیەکی زانستی و وێژەیی ناوی لێکدراوی کوردستان لە واتای وڵاتی کوردانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەکارهێنانی وشەی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نۆ سەدە پێش ئێستا (٩٠٠ ساڵ لەمەوبەر).

هەندێک لە دامەزرێنەران و پێشەواو سەرکردەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەرامبەر دووژمنانی سەرسەخت و ناحاڵی وەکو: ئینگلیزی ئەکات و عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەتا ئێستا (١٩١٢/ ٢٠٠٨) ئەم پیاوە ناودارانە بوون (عەبدولقادر شەمزینانی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ عوبەیدوڵای نەهری، شێخ ئەحمەدی بارزان، قازی موحەمەد، دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، شێخ مەحمودی حەفید، مەلا مستەفای بارزان، ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلال ، مەسعود بارزانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان).

چوار خاڵ بەکورتی لەدەرفەتەکانی ڕزگاربوونمان کەلەکیسمان چووە :

١/ لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٢ / ١٩١٤) تورک لەگەڵ یۆنانستان و ئینگلیزدا لەگەرمەی شەڕدا دەبن و تورک شڕو وڕو ڕسواو زۆر لاواز دەبن لەشەڕەکەدا، لەوکاتەدا پەیمانی سیڤەریش لەئارادا دەبێت ، بە (عەبدولقادری شەمزینانی) دەڵێن فرسەتەو دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنە، تورک حاڵیان شڕەو وێرانن، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: تورکەکان موسوڵمانن دەبێت پشتیان بگرم و بەرامبەر دووژمنی ئیسلام بجەنگم و (جهاد) بکەم. مەبەستی شەمزینانی ئەوە بووە کەتورکەکان موسوڵمان و یۆنانییەکان و ئینگلیزەکان کافرن .

٢/ ساڵی (١٩٩١) گەورەترین ڕاپەڕینی جەماوەری لەباشووری کوردستان بەرپابوو، دوواجاریش ساڵی (٢٠٠٣) هەموو عێراق لەدەستی بەعسییەکان ئازادکرا، هەردووجارەکەش بەیارمەتی جەماوەری ئازادیخوازی کوردو وڵاتی ئەمریکا بوو. ئەوەی شایانی باسە دووجار کەرکوک ڕزگارکرا بەشاری خانەقییەوە لەسەردەستی پێشمەرگەی کوردستان (عارەبەکانی کەرکوک و خانەقی هەموو لەترساندا ڕایان کرد) کەچی هەردووجارەکە سەرکردەکانی کورد خۆیان کەرکوکیان چۆڵ کردەوەو فەرموویان لەعارەبەکان کردو پێیان دەووتن (برا عارەبە ڕەسەنەکان). کوردستانی باشوور ١٢ ساڵ ئازادو دوور لەدەسەڵاتی ناوەند بوو (١٩٩١ / ٢٠٠٣) بەپشتی ئەمریکا سڵی لەدوژمنان نەدەکردەوە، ئەگەر بڕیاری سەربەخۆیی بدایە کەسێک نەبوو بڵێت بەری چاوت کلی پێوەیە، چونکە ئەمریکا لەناوچەکەدابوو لەبەر بەرژەوەندی خۆیی بەرگری لەکورد دەکرد. دوای ڕزگارکردنی دووجار شاری کەرکوک لە (١٩٩١ / ٢٠٠٣) دا و خۆمان بەجێمان هێشت سەرانی کورد دەیانەوێت بە بابەتی (١٤٠) و بەخێری عارەب و دەستورو دەسەڵاتی ناوەند کەرکوک بدەنەوە بەکورد، دەبێت لەوە دڵنیابین کەئازادی و خاک و ماف و ژیان دەسەنرێت وەلێ نادرێت. زیاتر لەهەشتا (٨٠) ساڵ خەبات و کوردایەتی کەچی زۆر لاوازین لەکاری ڕامیاری و هەمیشەش لەدووای ڕەنج و تێکۆشان و ماندوبوونی زۆر ماف و چارەنووسمان بەفیڕۆ دراوە .

٣/ ساڵی (١٩٧٩) لەکاتی ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی ڕەزا شای ئێران و هاتنی خومەینی لەفەرەنساوە بۆ ئێران بێ دەوڵەتی و بێ یاسایی و بێ دەسەڵاتی لەئارادا هەبوو دەتوانرا هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخرێتە ژێر دەسەڵاتی کورد خۆیەوە بەڵام لەبەر ناکۆکی و ناتەبایی و بەرژەوەندی تایبەتی پارت و سەرکردەکان نەکرا .

٤/ لەکاتی جەنگی ئێران و عێراقدا (١٩٨٠/١٩٨٨) بۆماوەی هەشت ساڵ هەردوو دووژمنی کورد لەیەک ئاڵابوون و لەباری ئابووری و سەربازییەوە لاوازبوون کەچی کورد بەرەیەکی کوردستانی هەمەلایەنەی پارتە کوردییەکانی هەرچوارپارچەکەی پێک نەهێناو تاووتوێی بارە ڕامیاری یەکە بکەن لەناوچەکەداو سوودی لێوەرگرن .

ئەوەی کەماوە بیلێم ئەوەیە چۆن میللەتی کوردی باشوور متمانەیان بەدەسەڵاتی کوردی نییە ئاواش دەسەڵاتی کوردی متمانەی بەدەسەڵاتی ناوەند نەبێت، چونکە ئەو ئەمڕۆ دەمانخەڵەتێنێت و لەجیاتی بابەتی (١٤٠) بابەتی پڕۆژە یاسای ژمارە (٢٤) مان بۆ ئەخوێنێتەوە ..!. سەبەینێ کەبەهێزتربوو لەسەدام خراپترمان بەسەردەهێنێت. ئەو بێ متمانەیی و نارەزایەتی یەی میللەت لەدەسەڵاتی کوردی هەیەتی لەخۆپیشاندانەکان و دەنگ نەدانەکاندا دەردەکەوێت بەتایبەت خۆپیشاندانی سلێمانی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا زۆرە لەو ئامارو دەنگدانانەی کوردستان کەڕێژەیەکی زۆرکەمەو بێ هیوایی یەکی تەواو دەبەخشێت بەدەسەڵاتی کوردی لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا ئەم ژمارانەیە :

آ/ سلێمانی (٦١%) بەشداری دەنگدان ناکەن .

ب/ زاخۆ لە (١٠٠٠٠) کەس (١٠٠٠) کەس دەنگی داووە .

ج/ قەزای دوکان لە (٦٠٠٠٠) کەس (٥٠٠) کەس دەنگی داووە .

د/ خانەقی (خانەقین) لە (٥٠٠٠٠) کەس (١٥٠٠) کەس دەنگی داووە .

مخابن دوای (١٧) ساڵ ئازادی و دوور لە دەستەڵاتی داگیرکەری بەعس لەباشووری کوردستاندا خەونی کوردی ئازادیخوازبو، بەڵام بێبەش لەمافە سەرەتاییەکان و هەژاری و نایەکسانی و هتد، هەر ئەوهۆیانەش بوو هانی خەڵکی داووە کەمتمانەیان بەدەسەڵاتی خۆیان نەبێت. هیوادارین سەرکردەکانی کورد چاوتان لەهەژارانی کوردستان بێت چونکە ئەوان ئێوەیان گەیاندە ئەم ئاستە. هیواخوازم سەرکردەکانی کورد بڕواو متمانەیان بەدەسەڵاتی ناوەند نەبێت بائەمجارەش ڕیسی کورد نەبێتەوە بەخوری .

م . حەمید عەزیز
Hamid٧٧٢@hotmail.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com